# سەرکەوتنی حەماس، سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی یا شکستی دەسەڵاتی گەندەڵ پەروەر

خەلیل غەزەڵی
xelilxezel@yahoo.com

بەشی دووەم:

حەماس لە فەلەستین، یەکگرتوو لە کوردستان

لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا باسی ئەوە کرا کە دەنگ هێنانەوەکەی حەماس لە هەڵبژاردنی پارلیمانی فەلەستیندا نەک هەر چاوە روان نەکراو نەبوو بەڵکە ئەنجامی توندوتیژیی ئیسرائیل،گەندەڵکاریی دەسەڵاتەکەی "فەتح" و چالاکی و کارە خێرمەندانەکانی حەماس بە پشتیوانیی ماڵیی حکوومەتی ئێران بوو . بۆئەم ئیدیعایەش بەکورتی مێژووی خەباتی گەلی فەلەستین و رووداوەگرینگەکان و سەرهەڵدانی حەماس باسکرا و شانبەشانی دەوری پارتە سیاسیەکان و لە سەروویانەوە "فەتح" یش لەم رووداوانەدا دەسنیشان کران.لەم بەشەدا بەکورتی ئامازەیەک بە حەماسی پاش هەڵبژاردن دەکەم و پاشان بەراوەردێکیش لە نێوان دەسەڵاتی کورد (باشووری کوردستان) و فەلەستینی دەکەم. مەبەستیشم ئەوە کە بڵێم ئەم دەسەڵاتانەهەم ڕابردوویان تا ڕادەیەک وەک یەکە و هەم ئێستەش کار و کردەوەیان لە "دەسەڵاتداریدا" وەک یەک دەچێ.

ئێستا کەحەماس زۆرینەی دەنگەکانی پارلێمانی فەلەستینی بەدەس هێناوە،بە پێی یاسا بۆی هەیە دەوڵەت پێک بێنێ.هەر ئەوەشە کە دەوڵەتەکەی"فەتح" دەس لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند. بەڵام ئایا حەماس بەو سیاسەت و ڕێبازەی کە هەیەتی دەتوانێ دەوڵەت پێک بێنێ؟ ئایا گەر ئەم رەوتە فاناتیکە دەوڵەتی پێک هێنا رەوندی ئاشتی یا پرۆسەی وتووێژە دەست وپێ‌شکاوەکەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینی‌یەکان تووشی شکستی یەکجاریی نابێ؟ بە باوەڕی من حەماس زۆرتر لە هەر کەسێک دەزانێ کە پێک هێنانی دەوڵەت سازو کاری جیاواز لە تیروریزم و ئوتوبووس تەقاندنەوەیە. چونکە بوون لە ئوپوزیسیوندابەرپرسایەتیی ئەوەندە نییە ، بەڵام بوون لە پوزیسیون دا بەرپرسایەتیش لەگەڵ خۆی دێنێ و بێگومان هەرکەس و لایەنێک تووشی بێ، دەبێ بە سەرنج و دیقەتەوە خۆی لەگەڵ ڕێکبخات . ئەمە بەتایبەت بۆ لایەنە توندرەو و فاناتیکەکان زۆر گرانە.
وەک دەزانین حەماس تا ئێستەش باوەڕی بە "ڕژاندنە دەریای جوولەکانە" هەر بۆیەش دروشمی"من النهر الی البحر" (لە چۆمەوە تا دەریا) ی وەک باوەڕ لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندووە . لە کاتێکدا ئەم دروشمە ساڵهایە کە ڕێکخراوە فەلەستینیەکان وەلایان ناوە . چوونکە واتای ئەم دروشمە هەمان ڕژاندنی جوولەکە بە دەریایە و هیچ خاک و سەرزەمینێک بۆ ئەم بەشە لە دانیشتوانی ناوچەکە ناسەلمێنێ .
ڕێبازی ئێستای حەماس توند و تیژی و شەڕی چەکداری و خۆکوژییە . حەماس لەبەرنامەی خۆیدا باسی لەنێوبردنی ئیسرائیل دەکات. لەکاتێکدا بە سەرکەوتن لە پارلیمان سەردەمی کاری میلیشیایی تەواوبووە . واتا ناتوانێ هەم ئیدیعای پێک هێنانی دەوڵەت بکات و هاوکات کاری میلیشایی واتا تێروریستی ئەنجام بدات.چوونکە بێگومان ئەوە نەک هەر بە ئیسرائیل بەڵکە بە هیچ لایەنێکی دەرگیر قەبوول ناکرێ . بۆیە ئەوەی فەلەستینیەکان تا ئێستا بەدەستیان

هێناوه،بەر پەلاماری توندی ئیسرائیل دەکەوێ و بە بادا دەڕوات. ئەمانە هەقێقەتێکن کە حەماس خۆشی دەرکی کردووە . وەک دیتمان هەرلە پاش ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی حەماس ، قسەی بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوە فاناتیکە لەم دیوەوە بۆ ئەودیو هەڵگەڕا. بەڵام خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕاو لە کردەوەدا هەروا ئاسان نییە.

لە درێژەی ئەم خۆدەقدانە لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا سەرکردەکانی حەماس بە چەشنێک پەیماننامەی "ئوسلۆ" یان( کە تا دوێنێ بە خائینانەیان دەزانی) قەبووڵ کرد. چوونکە پێک هێنانی پارلیمانی فەلەستین یەکێک لە بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە.وەک دیتمان هەر بەوهۆیەوە "حیزبوڵا" هەموو هەڵبژاردەنەکان و لەوانە ئەم هەڵبژاردنە (پارلیمان) یشی بایکوت کرد. بەڵام حەماس بەبەشداریکردنی هەڵبژاردنەکە بەکردەوە دانی بە پەیماننامەی ئوسلۆدانا.

دیارە قسە گۆڕان یابەشداریکردن لە هەڵبژاردندا هیچ لە هەڵوێستی ئامریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی ئوروپایی ناگۆڕێ . چوونکە هێشتا لەروانگەی ئەوان و بەگشتی بیروڕای جیهانیەوە زۆر خاڵ ماون کە ئیجازە نادەن حەماس دەوڵەتێک پێک بێنی کە بتوانێ ئاشتی و تەبایی دەستەبەر بکات.

بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە سەرچاوەی دارایی و زەمانەتی پاراستنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەلەستینی لەدەستی ئەم وڵاتانە(ئامریکا و وڵاتانێ ئوروپایی)دایە،تا حەماس بە دڵی ئەوان سیاسەتەکانی خۆی نەگۆڕێ ، دەبێ   پێک هێنانی دەوڵەتێکی پایەدار لە خەون دا ببینێ.(مەگەر ئەوەی بیەوێ ئەو دەسەلاتە نیوەچڵە تەفرو توونا بکرێ). بەڵام لەم لاشەوە پشتیوانانی حەماس چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە ڕێرەوی خواستەکانی ئەوان بێت . یەکێک لەم پشتیوانانە حکوومەتی ئێرانە کە ماوەیەکی زۆرە بەشێکی گەورەی هەزینە و خەرجەکانی حەماسی وەئەستۆوە بووە. واتا بەشێکی زۆری لەو ئیمکاناتەی وەک دەرمان و پزیشک و نەخۆشخانە و ناوەندەکانی یارمەتیدانی لێقەوماوان ، مووچەی چەکدارەکانی و هەروەها مووچەی کەس و کاری کوژراوان و زۆر خزمەتگوزاریی دیکە کە حەماس توانێ بە یارمەتییان فەتحی پێ شکست بدات، لەلایەن ئێرانەوە دابین کراوە. ئاشکرایە چاوەڕوانیشە حەماس "نمەک بە حەرام"ی نەکات .

ئامریکا و ئورووپا ڕایانگەیاندوو کە یارمەتیە ماڵیەکانیان بۆ دەسەڵاتی فەلەستین دەبڕن. ئەوەلەکاتێکدایە کە دەوڵەتی فەلەستینی دەوڵەتێکی مشەخۆرەو تەنیا لەسەر ئەو یارمەتیانەیە کە دەژی.چوونەکە نە خاوەن پیشەسازیەکی بەهێزە و نە کشت وکاڵەکەی لەو ئاستەدایە کە ئابووریی وڵات بسووڕێنێ. بێکاری وێرانی و دەزگایەکی زەبەلاحی بیروکراتیک کە بێجگە لە باربووی دەوڵەتان هیچ داهاتێکی نییە بەرگەی توند ڕەوی ناگرێت و دەسبەجێ دەخنکێ.

مەرجی ئەو وڵاتانە بۆ بەردەوام بوونی یارمەتییەکانیان ئەوەیە کە حەماس یەکەم بەشێوەی فەرمی دان بە بوونی ئیسرائیل دا بنێ .دووەم تێروریزم(ناوی نهێنیی ئیسلامی سیاسی) مەحکووم بکات .سێهەم هێزی چەکداریی خۆی هەڵوەشێنێتەوە و ببێتە ڕێکخراوێکی سیاسی و دەستی ئاخر هەموو ڕەوت و ڕێبازە توندوتیژەکانی وەلاوە نێت و پێبەندبوونی خۆی بە هەموو ڕێککەوتنەکانی تا ئیمرۆ لەگەڵ ئیسرائیل ڕابگەیەنێ. دیارە گەر بێتو حەماس ئەم خاڵانە پەیرەوی بکات ئیتر حەماس نییە . چوونکە دژایەتی کردنی ژمارێک لە خاڵانە بوون کە حەماس یان گەیاندووەتە ئەمڕۆ.

گەرچی حەماس هێندە کورسی لە پارلیمان بەدەست هێناوە کە کە بتوانێ بە تەنێ دەوڵەت پێک بێنێ. بەڵام ئەوەی تائێستا لەخۆی نیشانی داوە زۆرتر پێی خۆشە دەوڵەتێکی ئیئتلافی لەگەڵ فەتح پێک بێنێ.ئەوەبوو هەر پاش دەرکەوتنی ئەنجامی دەنگدان، ڕێبەرانی حەماس ڕایان

گەیاند کە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کورسییەکانیان بەدەست هێناوە، ئامادەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیئتلافی لەگەڵ ڕێکخراوی "فەتح" دەبن. لەو لاشەوە "فەتح" بە هەست کردن بەوەی کە ڕۆژئاوا و ئیسرائیل دەوڵەتی حەماس یان پێ قبووڵ ناکرێ ،فێلبازانە داوای بەشێ زۆرتری لێدەکات. چوونکە دەزانێ بوونی (فەتح) لە دەولەتی حەماس دا بە دەسەڵاتێکی بەهێزەوە(بۆ نموونە وەزارەتە کلیلیەکانی وەک دەرەوە ، ناوخۆ ، پولیس و هیزە ئەمنییەتییەکان و دارایی)، ڕەنگە لە لایەن ئەو وڵاتانەوە(ئامریکا و ئوروپا و ڕەنگە ئیسرائیل) بۆ دوورخستنەوەی حەماس لە تێرۆر و تەگەرەنانەوە لەسەر ڕێگەی وتووێژەکان و لەهەمان کات دا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵک، قبووڵ بکرێ.
دیارە ڕۆژئاوا ئامانجێکی ئەوتۆی لەمەڕ هێزە ئیسلامگەراکان لە تورکییە ڕەچاو کردووە، کە تاڕادەیەک سەرکەوتووبوە . چوونکە وەک دیتمان لەو ماوەدا کە ئیسلامگەراکان لە تورکییە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە،بەڕادەیەکی بەرچاو لە توندرەوی دوورکەوتوونەتەوە و بەجیدی دژی فاناتیکەکان هەڵوێستیان گرتووە و دژی یاساعیلمانیەکانی دەستوورەکەیان هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتووە . لەکاتێکدا ئەوکات کەلە دەسەڵاتدا نەبوون دژی ئەم یاسایانە بوون و داوای گۆڕینیان بە یاسای شەرعی ئیسلام دەکرد. هەروەها ئەوە ماوەیەکە( پاش ڕووخانی سەدام) ئەم ڕەوتەش لە ئێراق دەبینین. وەک دەبینین ئامریکا بە هێنانە مەیدانی شیعە فاناتیکەکانی وەک مەجلیسی ئەعلا و حیزب الدعوه و چەند پارتێکی دیکە، توانیویە لە ئوپوزیسیونەوە بیانکاتە "پوزیسیون" .
سەرڕای هەموو ئەمانە داهاتووی هەڵبژاردنی فەلەستین و کورسیەکانی حەماس گەرچی تا ئێستا ناروونن، بەڵام ئەوە ڕووداوەکان و چۆنییەتی هەڵسوکەوتی حەماس و بەتایبەت پاشەکشە لە بنەما ئیدئولوژیکییەکانیە کە دەتوانێ پێش بە هەڵبژاردنێکی دیکە بگرێ.

*****

هەروەک پێشتر باسم کرد لەم بەشەدا هەڵسەنگادنێک لە نێوان دەسەڵاتی فەتح و هەردوو دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەکەم.
زۆر کەس وتوویانە کە دەسەڵات گەندەڵی لەگەڵ خۆی دێنێ .مائو لە نووسینەکانیدا ئەم "وتەیە" چەند جار هێناوەتەوە . بەڵام لەبیری چووە(یا بەقازانجی نەبووە) بڵێ کام دەسەڵات گەندەڵی لەگەڵ خۆی دێنێ. ئاشکرایە هەرکات بەرەیەکی ڕزگاری خواز یا ڕاپەرینێکی گشتی سەرکردایەتیەکەی بکەوێتە دەستی کەس و لایەنی پاوانخواز( بە هەر فیکرێکی چەپ یا ڕاست)ەوە، کاتێک ڕەنج و قوربانی دانی خەڵک بەر بگرێ، دەسەڵاتێکی مشەخۆر( بەناوی چین یا نەتەوە یا ...) دەست بەسەر هەموو دەسکەوتەکاندا دەگرێ و هەر لەوکاتەوە کە بەدەسەڵات دەگات،گۆڕانێکی کەیفی(چۆنایەتی)ی بەسەریدا دێت . بە شێوەیەک کە بەرە بەرە ڕاستەوخۆ لەبەرانبەر ئەو تاک و جەماوەرەدا دەوەستێ کە بەدەسەڵاتیان گەیاندووە. پێموایە بۆ سەلماندنی ئەمە پێویست بە هێنانەوەی بەڵگە نەبێ. چوونکە مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە ئاڵو گۆڕی لەم چەشنە . بەڵام ئەگەر دووڕ نەڕۆین دەتوانین بەرەی ڕزگاری خوازی ئەلجەزایر ، شۆڕشی ئێران و فەلەستین(کە هێشتا زۆر کۆن نەبوون) ناو بەرین، کە چۆن پاش سەرکەوتن،تازە بەدەسەڵات گەیشتوان پشتیان لە ئامانجی کۆمەڵانی خەڵک کرد.
لە بەرانبەردا ئەو بزووتنەوە و راپەرین و حەرەکەتانەی کە پاش سەرکەوتن،نەک تاقمێکی "شەرکەر" بەڵکە دەسەڵات لەسەر هەڵبژاردنی ئازاد و سەقامگیرکردنی دیموکراسی دامەرزاوە،تێکڕای کۆمەڵ بوون بە خاوەنی سەرکەوتنەکان و دەسەڵات و جەماوەر دەست لە دەستی یەک بۆ ئاوەدان کردنەوەو بەختەوەری هەنگاویان هەڵهێناوە. نموونەی دەسەڵاتی ئەوتۆ

ئەفریقای باشووره کە پاش سەرکەوتن، بەرێز ماندیلا تەنیا جارێك خۆی بۆ سەرۆککۆماری پاڵاوت . جاری دووەم گەرچی بە دەیان و سەدان داواکاریی بەکۆمەلی لە لایەن خەڵک و ناوەندە مەدەنیەکانەوە بۆ خۆ پاڵاوتن لێکرا ، قەبووڵی نەکرد. هەروەها پارتەکەی (کونگرەی نیشتمانیی ئەفریقا) لە هەڵبژاردنە یەک لە دوای یەکەکاندا ، بەبێ رەچاو کردنی دەستێوەردان(تەقەلوب-خرووقات) و خەڵک کڕین، هیچ لە خۆشەویستیی کەم نەبووەتەوە و بە بێ پاوانخوازی و پێک هێنانی دەسەڵاتی پارت ودەستەوتاقمی شەرکەری پێشوو، ژیانێکی ئاسوودە بە گەشەی بەرچاوی ئابووریەوە بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر کردووە. هەروەها لە "نیکاراگوا" ساندنیستەکان بە شەڕی چەکداریی جەماوەری (نەک هێزی داگیرکاری بێگانە) دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. پاش ماوەیەک بە دەستێوەردانی ئامریکاو جیهانی سەرمایە ولە ژێر بومبارانی تەبلیغاتی ، چاوراو و هەزینەی سەدان ملێون دولاریی ئامریکا و سەرمایەدارانی نێوخۆییدا، لە هەڵبژاردنێکدا بەرەی سەربە سەرمایە سەرکەوت. ساندنیستەکان لە ڕاگەیەنداوێکدا ،وێڕای ئاماژە بە هەموو تاوانەکانی ئیمپریالیزم، ڕێزیان لە دەنگی خەڵک گرت و بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بێ شەڕ و ماڵوێرانی دەسەڵاتیان دایە دەستی دژبەرەکانیانەوە.لە کاتێکدا هەموو ئامێر و هێزەکان بەتایبەت هێزی چەکداریان بەدەستەوە بوو.

مەبەست لە هێنانەوەی ئەو نموونانە ئەوەیە کە بڵێم بەداخەوە ،پاش پەیمانامەی ئوسلۆ و گەڕانەوەی هێزەسیاسی-چەکدارەکانی فەلەستینی بۆ سەر خاکی خۆیان ، دەسەڵاتێکیان پێک هێنا کە لە سەر بنەما فیکریەکانی ژیانی ئاوارەیی و شەری چەکداری و داتەپیوی ئوردووگاکان دامەرزابوو . ئەوەبوو هەرکەس چوار رۆژ چەکداریی کردبوو ،خۆی بە "خودا"ی ئەو خەلکە دەزانی و چاوەروان بوو سوجدەی بۆ بەرن . ئەم عەقڵیەتە و تێکەل کردنی لەگەڵ داب و نەریتی عەشیرەیی و کۆن ، بووە هۆی ئەوە کە دەسەلاتی فەلەستینی نەتوانێ خۆی لەگەڵ نەوەی نوێ دەق بدات و لە ئەنجامدا دەسەڵات و کۆمەڵگە بوون بە دوو فیکر و خواستی بەتەواوی لێک جیاواز. تا وای لێهات کە پێویستی و زەروورەتی لایەنی نوێ لە کۆمەلگەدا بەدی دەکرا . کەهەروەک لە بەشی یەکەمی ئەم دەقەدا باسم کرد ،حەماس توانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و ببێتە ئاڵترناتیڤێک بۆ دەسەڵاتی فەلەستینی . بەڵام سەد مەخابن بەهۆی هەلومەرجی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی ئالترناتڤێکی کۆنەپەرست و فاناتیک .

گەر بێتو بە بێلایەنانە هەردوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەگەڵ دەسەلاتی فەلەستینی(فەتح) بەراوەرد بکەین ،جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نابینین.

رێبەرانی پارتی هەر لە ئاشبەتاڵی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە ئامریکا و پاشان لە ئێران جێگر دەبن. پاش ڕووخانی شای ئێران،بە پێک هێنانی "قیادەموقت" بەناو شۆڕش دەسپێدەکەنەوە ، بەڵام لە کردەوەدا دەبنە داردەستی حکوومەتی ئێران دژی هاونیستمانەکانیان لە رۆژهەڵات. ماوەی چەند ساڵ بەم کارەیان دەرێژە دەدەن و پاشتریش کاتێک شەڕی ئێران و ئێراق دەکێشرێتە بەشێک لە کوردستانەوە، لە گەڵ هێزی ئیران لە گۆشەیەکی لای شنو و حاجی ئومەرانەوە دێنەوە ناوچە "موحەڕەمەکان" و پاش ئەنفالەکان و بەتایبەت پاش شکستی ئێران لە شەڕ دەگەڕێنەوە ئێران و لە ئوردوگاکاندا نیشتە جێ دەبنەوە.

یەکێتی نیشتمانیش ،گەرچی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە بە باوەڕ و هەستێکی شورشگێرانەوە وەک "سێنتێزی" سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول دێتە ئاراوە و بۆ چەند ساڵێک دلێرانە بانگی شۆڕش سەرهەڵدەدات و خەباتێکی سەخت و دژوار بەرێوە دەبات . بەڵام ئەمیش پاش ئەنفالەکان ناچار دەبێ رووبکاتە ئێران و لە ئوردووگاکان یا بە شێوەی پەراکەندە لەشارەکان خەریکی ژیان بن. پاش ڕاپەرین و گەڕانەوەی ئەم هێزانە ،بەداخەوە وەک چاوەروان دەکرا،هەڵس و کەوتیان

نەکرد . پاش ئەوەی دەسەڵاتیان پێک هێنا ، یەکێتی کە خۆی وەک نوێنەری جیلی نوێ و پێشکەوتنخواز دەزانی ، لەباتی ئەوەی ببێتە سەچاوە و رێنوێبێک بۆ پارتی (وەک نوێنەری عەشیرەگەری و حەرەکەتی خێڵەکی) ،بەرە بەرە خۆی(یەکێتی) پشتی لە باوەڕەکانی (شاخ)هەڵکرد و تا ئاستی پارتی دابەزی. ئەمە بەتایبەت لەکاتی شەری نێوخۆییدا بەپەلەتر روویدا . تا وایلێهاتووە کە هێج جیاوازیەک لە نێوان ئەم دوو هێزە (کە سەردەمێک دوو بەرە و فیکری بەتەواوی لێک جیاواز بوون)نەماوە . و پێشبینی ئەوەش دەکرێ لە داهاتوودا لە سەر بەرژەوەندیەکانیان، لە بەرانبەر هێزی سێهەمدا (کە بیگومان دێر یا زوو دێتە مەیدانەوە) یەکبگرن و تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە ببنە یەک.
کاتێک ژیانی پێشووی ئەم دوو پارتە و فەتح پیکەوە بەراوەرد دەکەین دەبینین وەک یەک سەردەمانێکیان تێپەڕاندووە و وەک یەک لە ئوردووگاکاندا ژیانیان بەسەر بردووە و وەک یەک دەسەڵات و باربووکەرانیان کەلکیان لێوەرگرتوون . هەوەها کاتێک دەسەلات داریەکەشیان چاو لێدەکەین دەبینین وەک یەک لەگەڵ هاونیشتمانانیان هەڵس وکەوتیان کردووە . وەک یەک لەباتی پشت بەستن بە کۆمەلانی خەڵک ،چاویان لەدەستی ئامریکا بووە. هەر ئەوەش بووە کە وەک یەک، مەودا کەوتووەتە نێوان دەسەڵاتەکەیان و کۆمەڵانی خەڵک. ئەوەشە کە دەبینین ،لە فەلەستین حەماس سەرهەڵدەدات و لە باشووری کوردستان "یەکگرتوو".
وەک دیتمان لە ئاخرین هەڵبژاردندابەداخەوە لە هەردوولا ئەوە ئیسلامی سیاسیە کە هاتووەتە ڕوو. بەو جیاوازیەوە کەلە فەلەستین ، بەهۆی شەڕ و دەرگیربوون لەگەڵ ئیسرائیل، حەماس لێبڕاوانە دییتە مەیدان و وەک هێزێکی داکۆکی کاری خەڵک خۆی دەناسێنێ . بەڵام لە کوردستان یەکگرتوو کاتێک دێتەئاراوە (باسی رابردوو و چۆنییەتی سەرهەڵدان و پێکهاتنی رەوتە ئیسلامییەکان لەم وتارە کورتەدا ناگونجێ) کە شەر و هەڵا نەماوە. سەرەڕای ئەوەش گەندەڵیی ئیدارەکان و وەرگرتنی کۆنە موستەشار و پێشبڕکێی بووژاندنەوەی دابە کۆنەکانی عەشیرەگەریی، وا خەلک لە دەسەلاتەکان دەتارێنێ کە یەکگرتوو بەدڵنیاییەوە، بەتەنیا لە هەڵبژاردن بەشداری دەکات و تەنیا خۆی 5 کورسی بەدەست دێنێ . کە بێگومان گەر سەردەمی شەڕ بوایە یەکگرتوو (بە یارمەتی و رێنوێنیی ئێران) جەماوەری لە هەردوو دەسەڵات پتر بەدەست دەهێنا . هەموو ئەمانە بەداخەوە لەکاتێکدا روو دەدەن کە بۆشایی هێزێکی دیموکرات و پێشکەوتنخواز کە بتوانێ موتمانەی جەماوەر بەدەست بێنی بە زەقی هەستی پێدەکرێت.
دیارە ئەوەش دەتوانێ دەرس و ئەزموونێکی باش بێ بۆ هێزە لائیک و پێشکەوتنخوازەکان کە بەخۆیاندا بچنەوە و لە سەر هەوران بێنە خوارەوە و بە چاوێکی واقعبینانەوە سەیری خۆیان و کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی بکەن.

ڕێبەندانی 2006